


# راپەڕینی سوێسنیەکان و فەقێ محەمەدە سەرەو ئۆمەر پاشای قەلەڕەشە، بەشی 1

با لە پێشەوە وەک سوێسنیەک، سوێسنیەکان بە خوێنەران بناسێنم: سوێسنیەکان خێڵێکی کۆنی کوردەوارین و زۆرینەی سەرچاوە مێژوویەکان بەتایبەتی کتێبی تەورات، لە نوسین و ئەو نەخشەدا کە بەشێکە لە نەخشە گەورەکەی میدەکان، وا نیشان دەدات کە بنچینەیی سوێسنیەکان بەشێکن لە ئیلامیەکان و ئیلامیەکانیش نەوەی حەزرەتی نوحن لە بنچینەی شیمی کوڕی نوحن.

21 To Shem also, the father of all the children of Eber, the elder brother of Japheth, children were born. 22 The sons of Shem: Elam, Asshur, Arpach'-shad, Lud, and Aram. 23 The sons of




سوێسنی و مامەسێنیەکان دوو خێڵن لە سەردەمی سۆمەریەکان و فیرعەونەکانەوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبووە، تاکو هاتنە سەرکاری ئەردەشیری ساسانی، (ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ خوزستان بەتێکڕا، ئەوە ملک و ماڵی سوێسنیەکان بووە)، مامەسێنیەکانیش لەرۆژهەڵاتی کەنداو بوون تا تەنگەی هورمز، دوای ئەوەی کە ئەردەشیر دەسەڵاتی بەدەستهێنا، دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی دەسەڵات و دەوڵەتە بچکۆلەکانی ناو ئێران، لەناو ئەوانەدا دەوڵەتە بچکۆلەکەی سوێسنیان.

http://en.wikipedia.org/wiki/Sassanid_Empire


**Ardashir I rapidly extended his territory, demanding fealty from the local princes of Fars, and gaining control over the neighboring provinces of Kerman, Isfahan, Susiana and Mamaesene.**

سوێسنی و مامەسێنیەکان بەرگریان کردو لەگەڵ لەشکری ئەردەشیر کەوتنە شەڕ، ئەردەشیر لە شەڕەکەدا سەرکەوت و هەرچی کوشتی، شەرکەرەکانی

سوێسنی و مامەسێننەی بە ماڵ و منداڵەوە هەڵگرتن و هێنانی بۆ ناوەراستی کوردستان، بەشێک لە سوێسنیەکانی هێنابە ناوچەی سەردەشت، بەشێکی بردنە ناوچەی دوکانی خوارووی کوردستان، (ئەو جافە رەشکانە ئەو بەشە سوێسنیەن) کە ئێستا خۆیان بە خزمی سوێسنیەکانی سەردەشت دەزانن، بەشێکی بردنە کویەو دەوروبەری (گوندێک لەنزیک کۆیە هەیە بەناوی سوێسنەو مەلای گەورەی کۆیەش سوێسنی بوو)، بەشێکی بردنە قەرەداغ لە خوارووی کوردستان، (لەوێش گوندێک هەیە بەناوی سوێسنان)، بەشێکی هێنانە شاربازێری نزیک چوارتا، (گوندێکیان لەوێ هەیە بە ناوی بێوران)، مامەسێنیەکانیشی هێنایە ناو مەنگوران، (ئێستا تایفەیەک هەیە لەناو مەنگوڕان پێیان دەڵێن مامەسێنی).




بەدوا ئەردەشیریشدا هەر لەسەردەمی نەوەکانی ئەردەشیردا، لەشکری ئیسلامی عەرەب رووی خاکی سوێسنیەکان کردو عەربیکی زۆری بردە ئەو ناوچەو بەتەواوی خاک و نیشتمانی سوێسنیەکانیان داگیر کرد، ئەو سوێسنی و ماسینەی کە لەوێش مابوون، بەتەواوی بێدەنگ کران.




لە سەردەمی پەیدابوونی نەوت و هاتنەسەرکاری رەزاشا، ئەویش فارسێکی زۆری هێنایە ناوچە نەوتاویەکانی نیشتمانی سوێسنەکان بەناوی کرێکاریەوە، هەرخاکێکی کە نەکەوتبۆ بەردەستی عەرەبەکان، ئەو فارسانە بەناوی نەوت دەرهینانەوە داگیریان کرد.

سوێسنیە راگوێزراوەکانی ناوچەی سەردەشت، کەمتر شانیان بۆ دەوڵەتەکانی ئێران داداوەو هەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتوە، لەدەوڵەت راپەڕیون.

فەقێ محەمەدە سەرەی بێوران کە باپیرەگەورەی نووسەرە لە سوێسنیەکانی ناوچەی شاربازێرەو بە فەقییەتی هاتۆتە بێوری سەرەوەو لەوێ ژنی هیناوە.

لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ ی هەتاوی، فەقێ محەمەدە لە دوەڵەتی ئێران راپەڕی و دەسەڵاتی ئێرانی لە هەموو سوێسنایەتی و سەردەشت وەدەرنا، لەشکری ئێرانی لەبەری رەبەت بوو و لەشکری فەقێ محەمەدیش لە ئەوبەری چۆمی لە سوێسنایەتی بوون، ماوەی ساڵ نیوێک شەرو پێکدادان بەردەوام بوو لەگەڵ لەشکری ئێرانی.

لەشکر نەیدەتوانی لە چۆمەکە بپەڕێتەوە، محەمەد خانی قاجار کە شای ئێران بوو، کاتێک زانی بەشەڕ دەرەقەتی نایەت، لە فەقێ محەمەد کەوتە فێڵ بۆ گرتنی، سەر لەشکرێکی تازەی نارده ناوچەکە، ئەو سەرلەشکرە فێڵاویە نامەیەک بۆ فەقێ محەمەد دەنوسێ و پێی دەڵێ: (شا هەستی بەوە کردوە کە ئەو شەڕە خەتای تۆ نیەو خەتای سەرلەشکرەکەی پێشوو بووە، بۆیە منی ناردۆتە جێگای ئەو و منیش پێم خۆشە بێم بۆ لات)، فەقی محەمەدیش بۆی نوسیبۆوە وەرە بەڵام دەبێ تەنها یەک عەجەم لەگەل خۆت بهێنی و جلی کوردیش لەبەر بکەن نەوەک لەرێگا توشی خەڵکی رق ئەستوری سوێسنی ببن و بتان کوژن.

سەلەشکرەکە بەقسەی دەکات، هەندێ شەکرو رۆن لەگەڵ خۆی دێنێت و لەگەڵ خانمەکەی و سەربازێک دێت بۆ بێوران، ماوەی حەوت رۆژێک لە بێوران دەمێنێتەوە بەناوی شای ئێرانەوە حوزرخوایی بۆ فەقێ محەمەدە سەرە دەهێنێتەوە.

لەباپیرەم دەپرسێ تۆ چیت دەوێ تا بەشای رابگەیەنم، فەقێ محەمەدیش دەڵێ تۆ لەوبەری ئاو منیش لەمبەرە، نامەوێ یەک عەجەم لەئاو بپەرێتەوە، سەرلەشکرەکەش دەڵێ: ئەوا من لێرەوە لەجیاتی شای ئێران داواکەتم قبوڵ کردو ناهێڵم یەک عەجەم لە چۆمی رەبەت بپەرێتەوە ناو خاکی سوێسنیان، تەنها خۆم و خانمم دێین، پەنیری بەهاریشتان لەگەڵ دەخۆین.

هەردوو لایان ریک دەکەون لەسەر ئەوەی ناوچە سویّسنایەتی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوەو هیچ عەجەمێک لەچۆم نەپەڕێتەوە.

سەرلەشکر بۆ فریودانی فەقێ محەممەدە سەرەی باپیرەم، لە ماوەی سێ مانگدا زیاتر لە بیست جار لەگەڵ خانمەکەی سەردانی بێورانی کردووەو هەموو جارێک داوای لە فەقێ محەممەد کردوە کە ئەویش بڕوات بۆ میوانی سەرلەشکر لەبەری ڕەبەت، فەقێ محەممەد پێی گوتووە (عەجەم جێگای باوڕ نین و بە ناپیاوی کوردەکان دەکوژن).

وەک بۆ منیان گێڕاوەتەوە، دەڵێن سەرلەشکر نەیتوانیوە فەقێ محەممەد فریو بدات، بەڵام خانمەکەی سەرلەشکر زۆر زانایانە نەنکە گەورەمی فریوداوە کە دەکاتە خێزانی فەقێ محەممەد.

نەنکە گەورە بە فەقێ محەممەد دڵێ ئەتۆ بۆ ئەوەندە ترسەنۆکی ناوێری بچی بۆ ناو لەشکرەکەیان، ئەمن هەموو قسەیەکم لە خانمی سەر لەشکر دەرهیناوەو نیەتیان زۆر خاوێنە، دەڵێن وامان کردوە کە شا کۆمەگیکی زۆر بنێرێ بۆ سوێسنیەکان، ئێستا ئەگەر تۆ بچی بۆ ئەو میوانیەی سەرلشکر، ئەوا ئەوان شا ئاگادار دەکەن و کۆمەگەکە بەرێ دەکەن بۆ ناو سوێسنیان.

فەقێ محەممەد بە نەنکە گەورەم دەڵێ، هەموو ژیانم بەقسەم نەکردووی، ئەو جارە قسەت ناشکێنم، بەڵام دڵنیات دەکەم من بڕۆمە ئەوبەر ئەو سەرە بەساغی ناهێنمەوە، فەقێ محەممەد لەگەڵ دوو لە خزمان و نەنکە گەورەم و سەر لەشکرو خانمەکەی دەڕۆنە ئەوبەر بۆ ناو لەشکری ئێرانی.

سەرلەشکرە فارسەکە ڕۆژی یەکەم زۆر ڕێز لەفەقێ محەممەدی باپیرم و نەنکە گەورەم دەگرێ، پێیان دەڵێ دوو سبەی ئاهەنگێکی نان خواردنی گەورە ساز دەکەین و هەندێ سەرلەشکری تریش لەمهاباد و ورمێوە دێن بۆ ناسینت و پێشوازیت.

نەنکە گەورەم لێرەوە ئاوای گێڕاوەتەوە: فرتوفێڵی فارسەکان بۆ دوو ڕۆژی داهاتوو دەستی پێکرد، سەرلەشکرە میوانەکانی مهابادو ورمێ هاتن، نان دانراو لەسەر نان خواردن ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە لەگەڵ ١٠ سەرباز هاتنە پێشەوەو تفەنگیان لەسەر سەری فەقێ محەممەد دانا، زوو خۆیان پێدادا بۆئەوەی فریای خەنجەر

هەڵکێشان نەکەوێت، دەست و قاچیان بەست، بۆ چەواشە کردنی من، سەرلەشکرەکەشیان گرت کە میواندارییەکەی ساز کردبوو.

فەقێ محەمەدو ئەو دوو خزمەیان بە پەل بەستراوی بە پێ بەدوای وڵاخی خۆیان دا راکێشا بەرەو مهاباد، منیش بەگریان و هاوار بەرەو بێوران بەرێکەوتم، کە گەیشتمەوە بێوران و داستانەکەم گێرایەوە، خزمەکان لێم هەڵسوران کە بمکوژن، گوتیان تۆ فەقێ محەمەدت فریودا.

دەنگۆی گیرانی فەقێ محەمەد بڵاو بۆوە، بەشێک لەخەڵکە زوو پەرینەوەو خۆیان دایە دەست لەشکری ئێران، بەشێکیش بە قاچاغ مانەوە تا بزانن فەقێ محەمەد چی لێدێت.

کات زستان بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو، لەشکری ئێرانی هەڵوێستەیەکی کرد تا بەهار و دوای نەمانی فەقێ محەمەد نەیان وێرا لە روبار بپەرنەوە.

ئەو دوو خزمەی کە لەگەڵ فەقێ محەممەد گیران، دوای هاتنەوەیان ئاوا داستانەکەیان گێرایەوە:

وتیان: دوای گیرانمان و دەست بەسترانمان، زۆر بێویژدانانە، بەناو ئەو بەفرو قوڕو چڵپاوەدا بەدوای وڵاخەکانی خۆیاندا رایاندەکێشاین، پادگان بۆ پادەگان، لەبەر ئەوەی فەقێ محەمەد لە تەمەن دابوو، وەزعی زۆر خراپ بوو، لەرێگا نەخۆش کەوت، دەیان بردینە هەر پادگانێک، هەرچی سەربازو ئەفسەری ئەو پادگانە لێمان کۆدەبوونەوەو بێ رێزیان پێ دەکردین، لێیان دەداین، کاڵەو پێتاومان درا، بە پێخواسی دوای مانگێک گەیاندیانینە تاران، تاگەیشتینە تاران، فەقێ محەمەد سەروملی شکاو خۆی بەپێوە رانەدەگرت.

شا محەممەدی قاجاری تورک، فەرمانی دابوو دەبێ ئەو دێوەزمەی کەناوی فەقێ محەممەدە بۆم بهێنن بۆ ئەوەی بیبینم، کاتێک ئیمەیان برد بۆ بەردەم شا محەمەدی قاجار، دوو سەرباز لەژێر باڵی فەقێ محەمەد دابوون، چونکە نەیدەتوانی خۆی بەپێوە رابگرێ.

شا محەمەد لەفەقێ محەمەد هاتە پێشەوە، فەقێ محەمەد لەبەر نەخۆشی و ماندوو بوونی مانگێک رێگاو لێدان و بێ رێزی ئەو هەموو سەربازانەی رێگا، هێزی

لەبەر دانەمابوو و ملی خۆی بۆ رانەدەگیرا، شا محەمەد شمشیرەکەی هەڵکێشاو نوکی شمشێرەکەی لەچەنەگەی فەقێ محەمەد توند کردو بە نوکی شمشێرەکەی سەری فەقێ محەمەدی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی سەرو چاوی ببینێ، ئێمە نازاین لەبەر ئێشی شمشێرەکە بوو، یان لەبەر ئازایەتی و بەجەرگی خۆی بوو، تفێکی لەرووی شا محەمەدی قاجار کرد، شاش تورە بوو شمشێرەکەی بەرز کردەوەو زۆر بویژدانانە شمشێرەکەی لە ملی فەقێ محەمەد داو ملی کرد بە دوو لەت، بەسەربازەکانی گووت، سەرەکەی بکەنە تورەکەیەکەوەو لەگەڵ ئەو دوو خزمەی برۆن تا نزیک گوندەکەیان و لەوێ سەرەکەی فەقێ محەمەد بدەنە خزمەکانی با بیبەنەوە بۆ گوندەکەی خۆی.

سەربازەکانیش فەرمانی شایان بەجێ هینا، ئیمە نەمان زانی لاشەی فەقێ محەمەد چی لێهات، سەرەکەی فەقێ محەمەدمان دە کیسەیەکی سەربازی هاویشت و بەکۆڵی خۆمانمان دادا تا هێنامانەوە بێوران و لەبێوران بەخاکمان سپارد، لەدوای ئەو رۆژەوە خەڵک بە فەقێ محەمەدە سەرە ناوی دەبات چونکە تەنها سەرەکەی هاتۆتەوە بێوران و لاشەکەی لەتارانەو کەس نزانێ چی لێهات.

ریشسپیانی سوێسنی کەزانیان ئێمە هاتوینەوە، بۆ خەبەری فەقێ محەمەد هاتن بۆ لامان و ئێمەش بەوردی داستانەکەمان بۆ هەموان گێرایە، لێرەوە ریش سپیان بڵاوەیان بە راپەرینەکەی فەقێ محەمەدە سەرە کرد و لەشکری ئێرانیش تەواوی سوێسنایەتی داگیر کردەوە، دەستیان کرد بەگرتن و ئازار دان و کوشتنی خەڵک.

سەردار پشدەری

١ – ٦ – ٢٠١٣

چاوەروانی بەشی دووهەم بن